


خانمی ڕەجەوی:

## بڕیاری دادگای یەکێتیی ئەورووپا، سەرکەوتنی «داد»ە و ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ داوای لێبوردن لە موجاهیدین بکات و زیانەکانی خەڵکی ئێران قەرەبوو بکاتەوە

دادگا بۆ جاری سێهەم، بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەڵوەشاندەوە و فەرمانی دا بە ئەنجوومەن کە هەموو خەرجەکانی موجاهیدین دابین بکات
بەیاننامەی دادگا تەئکید دەکات کە ئەمە خێراترین بڕیارە کە ئەم دادگایە، ڕۆژێک دوای کۆبوونەوەی گوێگرتن دەریدەکات

خانمی مریەمی ڕەجەوی، سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی موقاوەمەتی ئێران دەربارەی بڕیاری ئەمڕۆی دادگای سەرەتایی یەکێتیی ئەورووپا گوتی: داد لە ئەنجامدا سەرکەوت و دادگا ڕۆژێک دوای کۆبوونەوەکەی، بڕیاری خودسەرانەی ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەورووپا بۆ هێشتنەوەی ناوی موجاهیدین لە لیستی تیرۆری هەڵوەشاندەوە. بەم بڕیارە، سازمانی موجاهیدین چی دی لە لیستی تیرۆری یەکێتیی ئەورووپادا نییە و ناتوانرێت سەر لە نوێ بخرێتەوە ناو لیستەکە. هەنووکە ئەرکی ئەنجوومەنی وەزیرانە کە بە ڕەسمی و بە ئاشکرا رایبگەیەنێت و داوای لێبوردن لە موجاهیدین و خەڵکی ئێران بکات. یەکێتیی ئەورووپا دەبێ ئەو زیانە گەورانە قەرەبوو بکاتەوە کە خستویەتە سەر خەڵکی ئێران و موقاوەمەتی ئەوان.
خانمی ڕەجەوی تەئکیدی کرد: ئەم بڕیارە زەبرێکی قورسە بۆ سەر دەوڵەتی فەرانسە کە بۆ قبووڵکردنی خواستی فاشیزمی ئایینیی دەسەڵاتدار لە ئێران، بە شێوازێکی هەرە بێشەرمانە و بە پێشێلکردنی هەموو پرەنسیبە مافەوانی و سیاسی و ئەخلاقییەکان و بە بیانووی دۆسییەکی بەتاڵ داوای هێشتنەوەی موجاهیدین لە لیستی تیرۆری کردبوو.
دادگای دوێنێ بە باشی دەریخست کە ئەنجوومەنی وەزیران و دەوڵەتی فەرانسە نەک تەنیا بەڵگەیەکی دژ بە موجاهیدینیان نییە بەڵکو بە مەبەستی سەپاندنی ئیرادەیەکی ستەمکارانە و قبووڵکردنی خواستی دیکتاتۆریی سەدەی ناوەراستیی دەسەڵاتدار لە ئێران، سەرەتاییترین پرۆسەی دادوەرانەیان خستۆتە ژێر پێ. ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران و فەرانسە تەنانەت توانایان نەبوو بەرگری بکەن لە کردەوە نایاساییەکانی خۆیان و بەرانبەر زەنجیرە پرسیارەکانی دادوەراندا، کپ و سەرشۆڕ مابوونەوە.
گوتیشی دوای ئەم بڕیارە، ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران بۆ خزمەتکردنی ئاخوندەکان بەردەوام بێت لە سەرپێچیکردن لە ئاست ئەم بڕیارەی دادگا، ڕەوابوون و ئیعتیباری خۆی بە تەواوی لە دەست دەدات. من داوا لە ڕێبەرانی ئەورووپا دەکەم کە ڕێگە نەدەن هەندێک لایەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، بە ڕێگەی سەرپێچیکردن لە دەسەڵاتی یاسا و بڕیاری دادگا، ئیعتیباری یەکێتیی ئەورووپا بە بارمتە بگرن.
خانمی ڕەجەوی گوتیشی: دادگای دوێنێ و بڕیاری ئەمڕۆی دادگا، کە بەرزترە لە هەڵوەشاندنەوەی مۆرکێک (کە پێشتریش ناڕەوا و بێ ئیعتیبار بوو)، کاردانەوەی ئەم ڕاستییەیە کە لە لایەک، خەڵکی ئێران خوازیاری دیموکراسی و ئازادین و لایەکی دی، ئەو دەسەڵات و لایەنانەن کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان و درک نەکردنی پێناسەی فاشیزمی دینی، لە بەرانبەر ئەم خواستە وەستاون. ئەم سیاسەتە ئەم توانایە دەبەخشێت بە دەسەڵاتدارانی ئێران کە سەرکوتکردنی درندانە دژ بە خەڵکی ئێران توندتر بکەن، ڕەوانەکردنی تیرۆر بۆ عێراق و باقی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرە پێ بدەن و زیاتر نیزیک ببنەوە لە تەیاربوون بە چەکی ئەتۆم و مەودای مووشەکەکانیان بەرەو ئەورووپا درێژ بکەنەوە. ئەوان بە ناوزەدکردنی موجاهیدین لە لیستی تیرۆر، ڕێگرن لە بەرانبە گۆڕینی دیموکراتییانە لە ئێران و جیهان بێ بەش دەکەن لە کاراترین شێوازی گۆڕین لە ئێران.
ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بە هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو سنوورانەی بۆ ئەم موقاوەمەتە دانراون، ڕۆژئاوا کۆتایی بهێنێت بە گەورەترین هەڵەی خۆی دەربارەی پرسی ئێران.

سکرتاریەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەرگریی ئێران
١٤ی سەرماوەزی ١٣٨٧
٤ی دیسامبری ٢٠٠٨